# دوو قسە لەبارەی وەرگێرانی ناونیشانی کتێبەکانی (د. عەلی وەردی) یەوە

حەسەن جاف

**کاتێك ئەم بۆچوونانەی کاك (حەسەن جاف) بڵاو ئەکەینەوە مەرج نی یە لەگەڵ تەواوی دا بین، بەلای ئێمەوە زیاتر بۆچوونەکانی کاك (نزار محەمەد) راستترە و ئێمەش هەر وای بۆ ئەچین، کە ئەو (فەرمانی وەزاری) یە لە جێ ی خۆیدا بووە، ئەگەر کاری پێ بکرایە شتێکی سەرکەوتوو بوو.**

لەژمارە (١٦)ی رۆژی ٦-٦-٢٠٠٥ رۆژنامەی (هەڵوێست)ی ئازیز دا سێ بابەتی سەرنجیان راکێشام وهانیان دام ئەم نووسینە بنووسم و هەر بۆ هەمان رۆژ نامەشی بنێرم...

بابەتەی یەکەم (نامەیێکی کراوە بۆ کاك ئازاد جندیانی )بوو، بابەتی دووەمیش (هەر ماڵی د. عەلی وەردی مابوو وێرانی بکەن )، بابەتی سێیەمیش (لەدوای فەرمانی وەزاریی) بوو .

هۆی نووسینی ئەم چەند دێرە زۆرن ، بەڵام من هەر ئەوەندە دەڵێم کە دووانیان پەیوەندیان بە منیشەوە هەیە (دووەم و سێ یەم) و یەکەمیشیان دووراو دوور لە من و نووسینەکانم نزیك ئەبێتەوە... بەڵام هۆی سەرەکی ئەم نووسینە بابەتی دووەم و سێیەم بوو بەداخەوە بابەتی دووەم ناوی لەسەر نە نوسراوە، هەرچەندە من دڵنیام هەر لە نووسینی کاك حسەین بەفرینە ، بەڵام دیسانەوە ئەڵێم باش بوو ناوی خۆی لەسەر دابنایە، خۆ ئەگەر بۆ ئەوەی بووە ناوەکەی دووبارە نەبێتەوە و نەڵێن (هەڵوێست) کە خۆی سەر نوسەریەتی، هەر بۆخۆی قۆرخی کردوە ، دەیتوانی بە ناوێکی خوازراوەوە یان بە هێمایێك وەك (چاودێرێك، یان خوێنەرێك) ئەوەی بکردایە .

ئەوجا با بێینە وە سەروتارەکانی ... لەبەر ئەوەی وەك لەسەرەتادا گوتم ، وتاری دووەم و سێ یەم پەیوەندییان بەیەك مەسەلەوە هەیە کە منی تێدا بەشدار وئاگادارم ، بۆیە بە یەکەوە ولەیەك کاتدا وەڵامی ئەو دووبابەتە دەدەمەوە و لە دواییشدا ئاوڕێك لە بابەتی یەکەم دەدەمەوە ...

(لە دوای (فەمانی وەزاریی) کە (کە نزار محەمەدی سەرنووسەری (هاوبیر)نووسیویەتی ... هەر لەناو نیشانەکەیەوە هەڵەیە ، چونکە (وەزاریی) یای دووەمی پێویست نەبوو، لە بری ئەوە دەبوو بیگوتایە (لەدوای فەرمانی وەزاریی) یان ئەگەر ئەو بابەتەی دووەمی هەر دەنووسی ،دەبوو لەگەڵیدات بینوسیایە (لەدوای فەرمانی وەزاریی وەزارەتی رۆشنبیری))....

بەهەر حاڵ ئەوەی سەرنجی راکێشام و مەبەستمە لەسەری بنووسم ، ئەو گشتە (مجاملە) وپیا هەڵدانەی نزارە کە بۆ وەزارەت و وەزیری رۆشنبیری کردوە و دڵنیاشم خۆی پێش هەموو کەسێك دەزانێ مەسەلە کەوانیە ... نزار محەمەد نیو لاپەڕەی لە رۆژنامەی (هەڵوێست) رەش کردوەتەوە بە پیاهەڵدان بە وەزارەت و وەزیری رۆشنبیری لەبەر شتێك کە ئەرکی سەرەکی و لەبنەما هەرە سەرەکیەکانی ئیش وکاری وەزارەت و وەزیرە ... چونکە کە وەزارەت کتێبێك چاپ دەکات (وەرگێر دراوبێ یان دانراو) و خەڵکی رەخنەیان لێ گرت و زۆریشیان لەسەر نووسی (بە خراپ) ، دەبێ ئەو وەزارەتە بەکارەکەی خۆیدا بچێتەوە و هیچ پێویستیش بەم هەموو مەدح و سەناوپیا هەڵدانەش ناکا..... ئەمە لەلایەك، لەلایێکی دیکەوە گرنگ فەرمان دەرکردن نی یە ، گرنگ جێ بە جێ کردن بەدوادا چوونی ئەو فەرمانە یەکە وەزارەت دەری دەکا ، ئەوەتا هەر لە هەمان ژمارەی هەمان رۆژنامەدا پێچەوانەی قسە کانی نزار سەلمێنراوە و ئەو فەرمانە وەزاریە هیچی لێ سەوز نەبووە وەك لە ووتاری (هەرماڵی د. عەلی وەردی مابوو وێرانی بکەن) نوسراوە ئیتر نزار بەشان وباڵی چیدا هەڵدەدا و بۆچی ئەم ئەزیەتە زۆرەی کێشاوە بۆ پیا هەڵدانی فەرمانێ کە ئیشی وەزارەتە وئەرکی سەرشانیەتی

من لێرەدا چەند نموونەیەك لەو نووسینە (جوانە)ی نزار دەخەمە پێش چاوی خوێنەر باخۆی حوکم بدا .... ئەو کە باسی بێ پەروایی بەرپرسان دەکات لە پەراوێز کردنی رۆژنامەو رۆژنامە نووسان دەڵێ(بەڵام هەندێ وێنەی جوان خۆی نمایش دەکات) . ئەم وێنە جوانەش(فەرمانە وەزاریەکەیە) ئەوەتا ئەڵێ (بەڕێز کاك فەتاح زاخۆیی وەزیری رۆشبیری نەهات و مەسئوول ئاسا ئەو بابەتە نەخوێنێتەوە یان بخوێنێتەوە و پشتگوێ ی بخا بەڵکو بە پێچەوانەوە وەك دڵسۆزێك بۆ کارەکەی خۆی).... مرۆڤ کە ئەمە دەخوێنێتەوە دەڵێ ئەبێ وەزیری چی ی کردبێ خوای گەورە .... !! کاك نزار وەلام دەداتەوە و دەڵێ (هات (فەرمانی)وەزاری تایبەتی بۆ ئەو رەخنانەی (هەڵوێست) دەرکرد و کاك حەسەن عەبدولکەریمیشی وەك خەبیر راسپارد رەخنەکان و کتێبەکە بەیەکەوە بەراود بکا)... ئەمە هەموو ئەو کێوە بەرزە بوو کە وەزیری رۆشنبیری بۆ نزاری گرتبو ، ئەویش ماڵی ئاوابێت قسوری نەکردوە لە پیا هەڵدان بەم کارە ناوازەیەدا ... ئەوەتا هەر دوای ئەوە دەڵێ (لێرە دا بەر پرسێك هەیە گوێ ئەگرێت و بەدواداچوون دەکات) هەروەك دەشفەرمێ، دوای ئامۆژگاریکردنی مامۆستا دلێر میرزای بەڕێوەبەری خانەی وەرگێران کە ئاگاداربێ (ئیتر شار بێ حاکم نیە) ...حاکمە کە کێیە ... (فەرمانە وەزاریە) تاقانە و ئازیزەکەیە .. ئیتر ئەو برا دەرە تادوا دێڕ بەشان وباڵی ئەم فەرمانە دانسقەو بێ وێنەیەدا هەڵدەدا وەك بڵێیت وەزیری رۆشنبیری (فەرمانی) دەرکرد بێ (قوللەی قاف) بگیرێ و لەسەر نزار محەمەد تاپۆ بکرێ....!!

من دەزانم نزار بۆیە ئە مجۆرە شتانەی نوسیوە ، بەڵام بەراستی زۆر بێ تام و بێ خوێش دەستی داوەتێ .. من دەزانم لەبەر خاتری مانگانەکەی (میدیای ئازاد)ە ، کەدەیدەنێ بەرامبەر بەوەی رۆژنامەیێك دەردەکا بەناوی (هاوبیر) ەوە ،.کە بڕوا ناکەم کەس هەبێ بە (سەرنووسەر)ە کەشیەوە ، بزانێ ئایا رۆژنانەیە ، هەفتانەیە ، مانگانەیە ، سالانەیە یان وەرزیە!! تەنها ئەوەندەیە ،ناوە ناوە و لەپڕ کە تەنها خواو سەرنووسەر نزار محەمەد (دەزانن کەی و چۆن دەردەچێ و دەیکەوێتە بازاڕ وبێ ئەوەی (١٠) کەسیش بیخوێنێتەوە....من دڵنیام نزار بۆ ئەو مانگانەیە ئەم گشتە (مجاملە)یەی وەزیری رۆشنبیری و وەزارەتەکەی دەکا ... جا خوانەخواستە ئەگەر لەوە زیاتری بدرێتێ دەبێ چ دوڕ وگەوهەرێ لە نووکی قەڵەمەکەیەوە هەڵوەرێتە سەرکاغەز؟!!

دەمێنێتەوە بڵێم کە ئەمە یەکەمجار نیە وەزیری رۆشنبیری کاری وا دەکاو (فەرمانی وەزاری) دەردەکا....ئیتر نازانم کاك نزار کاتی خۆی بۆ لەسەری نەنووسی ... کاتی خۆی کە کتێبی (الاسلام واصول الحکم) ی عەلی عەبدولرازق کرا بە کوردی زۆری لەسەر نوسرا ، تەنانەت کۆڕی تەلەفزیۆنیشی بۆ گێراو قسەی لەسەر کرا ، ئەوە بوو وەزیری رۆشنبیری داوای لە من کرد بەو کتێبەدا بچمەوە و وەرگێرانەکەی هەڵبسەنگێنم ...... وەك هەمووشمان دەزانیین کە کتێبی (الأسلام وأصول الحکم) یەکێکە لە کتێبە دانسقە ونایابەکان و کاتی خۆشی کە دەرچوو هەراییێکی زۆری نایەوە و مشت ومڕ ولێدوانی زۆری لەسەر کرا گوایا تانە لە ئیسلام دەدا ئیتر (علی عبدالرازق) ی دانەری کتێبەکە ، کەمامۆستا بوو لە زانکۆی ئەزهەر، لە کارەکەی دەرکرا.....

ئەم کتێبە (باوکی ژیار) ناوێك کردبوی بە کوردی ، کە ئێستاش نازانم ئەم زاتە کێیە .... بە هەر حاڵ دوای خوێندنەوە وبەراورد کردن راپۆرتێکم دا بە وەزارەت و دوو شتم تیایدا داوا کردبوو

١- ئەو کتێبە لە بازار کۆ بکرێتەوە ، چونکە حەیای وەزارەتی بردوە و هەرهەموویشی هەڵەیە،، تەنانەت ئایەتەکانی قورئانیشی بە هەڵە کردبوو بە کوردی.

٢- هەروەها داوام کردبوو چی پارە لەو کتێبەدا خەرج کراوە ... پارەی وەرگێران پارەی پیاچوونەوە ... پارەی چاپ...هتد، هەر هەمووی لە وەرگێڕ و ئەوەی بە وەرگێرانەکەدا چوەتەوە ، هەروەها لە بەرێوەبەرێتی گشتی چاپ وبڵاوکردنەوە (ئەو سا خانەی وەرگێران نەبوو) بسەنرێتەوەو (تغریم) بکرێن....!!

سەرباری هەموو ئەمانەش و سەرباری (فەرمانی وەزاری) یش هیچ ئیجرائاتێك نەکراو مەسەلەکە وەك زۆرشتی دیکەی وەزارەتی رۆشنبیری بە گشتی و بەرێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە بەتایبەتی دیزە بەدەرخۆنە کراو پێچرایەوە.... منیش ناچار بووم لە رۆژنامەی (هەواڵ) ژمارە (١٦) ی ١/مارسی ٢٠٠٢ دائەم مەسەلەیە ئاشکرا بکەم و لەسەری بنوسم بو ناونیشانی (دەبێ تەسلیمی ئەم نهێنیە چی بێ؟) دوایش بۆم دەرکەوت ئەوەی بە وەرگێرانەکەدا چوبووەوە ئەم (خەبیرە) بلیمەتەی وەزارەتی رۆشنبیری بوو کە ناوی (حسن عبدالکریم )مە کە لێشایان پرسی بوو چۆن ئەو کتێبەی هەڵسەنگاندوە و گوتویەتی باشە ، گوتبوی لەسەر (سیقە)!!... ئیتر نازانم هەر لەسەر (سیقە)ش پارەی پیا چوونەوەکەی ئا خنیبوە با خەڵیەوە ..؟! ئەوجا دێمە سەر وتاری (هەرماڵی د. عەلی وەردی مابوو وێرانی بکەن)... من نامەوێ لە وەرگێرانەکە بدوێم چونکە نەم خوێندووەتەوە . ئەوەی مەبەستمە ناونیشانی کتێبەکەیە هۆی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی بەرگی کتێبی (لمحات اجتماعیة من تأریخ عراق الحدیث) کە دوو بەشە ، من کردوومە بە کوردی کاتی خۆیشی بە مامۆستا دلێر میرزام وت رازی نابم بەو ناونیشانە سەقەتە ئەو کتێبەی من کردوومە بە کوردی چوونکە لەسەر من حساب دەکرێت ئەوان (لمحات اجتماعیە من تأریخ عراق الحدیث) یان کردووە بە (چەردەیەکی کۆمەڵایەتیانەی مێژووی نوێی عیراق).. من بە مامۆستا دلێرم گوت ئەو وەرگێرانە هەڵەیە و چەردە (لمحات) نییە کۆمەڵایەتییانەش (اجتماعیە)نییە بەڵکو دەبایە (تێڕوانینێك یان سەرنجێك یان کورتە لێدوانێك یان ئاوڕدانەوەیەکی) کۆمەڵایەتیان دابنایە نەك ئەو ناونیشانە سەقەتە ... دیسانەوە کاك دلێر منی رەوانەی لای (خەبیرەکانی) خانەی وەرگێران کردوو گوتی ئەوان بەو جۆرەیان



وەرگێراوە ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکەوە . کە دەست بە وەرگێرانی ئەو کتێبانە کرا (وەك بەرنامەیەك لە خانەی وەرگێران خستبوویە بەرنامەی کاری خۆیەوە بۆ بە کوردی کردنی هەموو بەرگەکانی ئەو کتێبە نایابە) من داوام لە مەلا عومەر کرد کە ئەوسا بەرێوەبەری خانەی وەرگێران بوو ، لەبەر ئەوەی ئەم زنجیرە کتێبە کتێبی زانستین و ئەدەبی نین ، پێویستە پێش دەسپێکردن بە چاپکردنیان ، هەموو ئەوانەی کتێبەکانیان دەدرێتێ بۆ وەرگێران دانیشین کۆبوونەوەیەك بکەین تاکو چۆنییەتی وەرگێرانی زاراوە زانستییەکان دیاری بکەین و هەروەها یەکیشیان (توحید) بخەین ، چونکە ئەم کتێبانە کتێبی ئەدەبی نین تاوەکو بە هەوەسی خۆمان وشە و زاراوەیان بۆ داتاشین بەڵام بە داخەوە وەك زۆر شتی دیکە بە قسەیان نەکردم تا کار گەیشتە ئەوەی لوتمان بە (چەردەیەکی کۆمەڵایەتیانە) دا بتەقێتەوە پاشانیش وەك کاك دلێر گوتی پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەم وەرگێرانە سەقەتە لە داهێنانی (خەبیرە) کانی خانەی وەرگێرانە ، بە تایبەتی مامۆستا حەسەن عەبدولکەریم کە بۆ نەگبەتی رۆشنبیری و وەرگێران و ئەدەب ، ئەم (خەبیرە)مان لێپەیدا بووە و زۆر شتیش حەواڵەی ئەو دەکرێت (دەی ئەویش و وەزارەتی رۆشنبیریش حەواڵەی خوابن) بۆ خۆیان و خەبیریان ..!!

دەمێنێتەوە تەعلیقێك لە سەر نامە کراوەکەی کاك حسێن بەفرین بۆ ئازاد جندیانی ... من هەر ئەوەندە دەڵێم و کاتی خۆیشی لە وتاری (دونیایەکی سەیرە گوڵم) کە لە (هەواڵ) ی ژمارە (١٣٣)ی رۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٨ دا بڵاوکرایەوە ، لە چەند وتارێکی دیکەشمدا ئاماژەم بۆ ئەوەش کردووە کە هەر مرۆڤێك خاوەن هەر بەهرە و سیفەتێك بێ ئەگەر یەك زەڕە عیزەتی نەفس و کەرامەتی تیا بێ ئەم حیزبانە بە هەموو توانایانەوە بەر بەرەکانی دەکەن و دژی دەوەستن و هەوڵدەدەن بیکەن بە (تەیرێکی مەعقول) ئەگەر بۆیان دەستەمۆ نەکرا ... لەبەر ئەوە گلەیەکەی من و ئەوەی کاك حسین هەرهەموو قسەیەکی لەو بابەتە فوو لە خۆڵەمێش کردنە و تەنها سەروچاوی خۆمان تۆزاوی دەبێ ئەو حیزبانەش هەر کۆنە جاسوس و کۆنە بەعس و کۆنە جاش قەڵەم و خۆ فرۆشیان لا (مەرغوب) و (مطلوب)ە و بازاڕی ئەوان بەم خۆفرۆش و قەڵەم هەڕاج کەرانە نەبێ گەرم نابێ هەر لەبەر ئەمەشە کە بەبۆنە و بەبێ بۆنە (مکرمات) یان بەسەردا دەبارێنن و (تکریم)یان دەکەن و زەوی و خانوو و پلە و پایەی باشیان دەدەنێ .... دەی پیرۆزیان بێ!!

# ئەوەی لە (رانیە) و (کەلار) روویدا پێویستە هەموو کوردستان بتەنێتەوە

فەرهاد کەریم

بارودۆخی گوزەران و شارەوانی و خزمەتگوزاری خەڵکی شارو شارۆچکەکانی کوردستان تەواو لە ئاستێکی خراپدا یە . بە دەست بێ ئاوی و بێ کارەبایی وبێکاری و گرفتی بێ خانوویی و گرانی بازاڕو کەڵەکە بوونی خۆڵ و خاشاك لە هەموو جێگەیەکی شارەکانی کوردستاندا ، لەسەر جادەکان ،لەناو کۆڵانەکان . لە کۆشی گەڕەکەکان ئەناڵێنی . هەروەها ستەم و زوڵم لە کاسەوە سەری کردووە بۆیە ئەبینین خەڵك پەنا بۆ مانگرتن و خۆپیشاندان و توندو تیژی ئەبەن . پاش نزیکەی ١٥ ساڵ حوکم بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەوە وەزع و گوزەرانی خەڵکی یە لە کاتێکدا پارەو سامانێکی زۆریان لەبەر دەستایە کەچی کاری گەندەڵی و دزی و راوو رووت هەموو شتێکی لە بیر بردوونەتەوە . لە هەندێك گەڕەکی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و کەرکوك واتە هەر لە (زاخۆ) وە تا (خانەقین) یا ئەوە تە ئاووکارەبا و خزمەتگوزاری هەر نی یە یا ئەوە تە بە کارەبا ئەوترێ ترافیك ، ئاو بە یەکدوو رۆژ سەعاتێك دێتەوە وسەیارەی خۆلڕێژ بە هەفتە دیار نی یەو... هتد زۆر بەی گەڕەکەکان کەوتوونەتە ئەوەی خۆیان خۆیان ئاو بکڕن و (مولیدە) بکڕن ....هتد . بەڵام لە هەندێك گەڕەکی شار کە بەرپرسانی حکومی و حیزبی لێ یە ٢٤ سەعات ئاو وکارەبا وشتی خزمەتگوزاری هەیە ئەم جیاوازیە ئرستۆکراتیانەی نێوان هەژاران و بەرپرسان تەواو لای خەڵکی رۆشن بووە تەوە .

من لەو بڕوایەدام خەڵکی کوردستان هەموو هوشیاریی یەکیان هەیە کە ئێستا چاوەڕوانی یان کردووە و دانی سەبریان بە خۆیاندا گرتووە مانای وایە هەلومەرج و زەمینە سیاسی یەکانیان لەبەر چاو گرتووە نەك وەك هەندێك بۆی ئەچن لە گێلی و نەفامی یەوە بوو بێت بەڵام ئەمڕۆ ئەزانێ ئیتر کاتی ئەوەیە کە داخوازیەکانیان بە خۆشی بێت یا بە زۆر بێت لە دەسەڵات داوابکەن وبەسەریاندا وەك هەقێکی سروشتی خۆیان بیسەپێنن . تا ئەمڕۆش خەڵکی کورد حکومەتی هەرێمی بە حکومەتی خۆی ئەزانی بە پێ ی ئەقڵی خۆیان وایان ئەزانی ئەم بەر پرسانە کەس و کارو هاو زمانی خۆیانن بەڵام دوای درێژە کێشانی نزیکەی ١٥ ساڵ حوکم ئێستا کەوتوونەتە گومانەوە لەبەر تەشەنەکردنی گەندەڵی لە هەموو بوارێکی ژیاندا و نا دڵسۆزی بەر پرسان دەرهەق بە کێشەی کورد و خراپی لایەنی ئیداری ژیان هەر لە نەبوونی کارەبا و ئاوو سووتەمەنی وشوێنی نیشتە جێ بوونەوە تا شتەکانی تر بۆ ئەوان بەڵگەو دەلیلە کە ئیتر ئەم ئیدارانە دڵسۆزی خەڵکی کوردنین و بۆ یەش کوتوونەتە خۆیان تا خۆیان ژیانی خۆیان چاك بکەن ئیتر هیچ جۆرە چاوەڕێ بوونێکیان بە حیزبی حاکم و حیزبەکانی بە ناو ئۆپۆزسیۆنێکیش نەماوە . لە راستی دا خەڵك هەرچی بکات ناهەقی نی یە پاش ١٥ساڵ حوکمی هەرێم بە گەرمای هاوین کارەبای نەبێ و ئاو بەتەنکەر بکڕێت و باج و خەراج ناو جەرگی بخوات و سووتەمەنیش وەك بەنزین وگاز ونەوت لە وڵاتی نەوت و گازدا دەست نەکەوێت و لەبازی ئازاد وبەنزینخانە شەخسی یەکاندا بەگران وەکو خۆڵ وابێت بەڵام بۆ هاووڵاتیان فووی لێ کرا بێت خۆ پیشاندان و راپەرینەکەی (رانیە) و(کەلار) سەرچاوەکەی بۆ ئەو قەیرانە ئابووری و گرفتی گوزەرانە ئەگەڕێتەوە و خەڵکی بۆ یەکەمین جارە هەستیان بەوە کردووە ئەوان و بەرپرسان لە هەموو روویەکەوە جیاوازن و پێویستە ئەو دیواری جیاوازیە بروخێنرێت و نەهامەتی و کڵۆڵی و سەرگەردانی کۆتایی پێ بێت مادام دروشمی ماف مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادی و مەدەنیەت لە ئارادایە و بە قسە دەرگایان بۆ خراوەتە سەر پشت و بە کردەوەش بە قەد قورسایی مێرولەیەکیش کاری بۆ نەکراوە و تەنها شتەکان بە قسەن و قسەش پارە ناکات تا ئەو جیاوازی و گەندەڵی یە بەردەوام بێت هۆشیار بوونەوەی خەڵکی کوردستان رۆژ بە رۆژ ئەتەنێتەوە دوێنێ لە (رانیە) بە هێمنی و ئەمڕۆ لە (کەلار) بە تووڕەیی و سبەینێ لە سلێمانی و پێنجوین و هەولێر و دهۆك و شار بە شار و گوند بە گوندیش و کۆڵان بە کۆڵانیش چاوەڕوانی لێ ئەکرێت تا برینیش قوڵتر بێت بێزاریی ورق و کینە بەرین ترو گەورەتر ئەبێت ئەمە حەتمی یەتی ژیانە و لە دەستی کەسدا نی یە تەنها بە چاکسازی و چارەسەری ژیانی خەڵکی چارئەکرێ!